سزا بەسەر زیاتر لە 100 کەشتی نەوتی ڕووسیا سپێنرا



بەهۆکاری ئەوەی بە نایاسایی نەوتیان بە ڕووسیا گواستووەتەوە، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا سزای بەسەر زیاتر لە 130 کەشتی نەوتی ڕووسی و دوو کەمپانیا سپاند .

ئەمڕۆ دووشەممە، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ڕاگەیەندراوەکدا ئاماژەی داوە، سزایان بەسەر 135 کەشتی نەوتی ڕووسیا سپاندووە، بەهۆی ئەوەی بە نهێنی نەوتیان بە ئەو وڵاتە گواستووەتەوە.

هەروەها وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا سزای بەسەر کەمپانیای خزمەتگوزاری کۆشتیوانی و کەمپانیایەکی بازرگانی نەوت سپاندووە، بەهۆی ئەوەی هاوکار بوونە لە گواستنەوەی نەوت بۆ ڕۆگایەک کە لە دژی یاسا نەودەوڵەتییەکان بووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەش کراوە، لە سەرەتایی ساڵی 2024 تاوەکوو ئێستا بۆ بڕەی 24 ملیار دۆلار نەوت بۆ شوێنکی نایاسایی گواستراوەتەوە بۆ ڕووسیا.

دەیڤد لامی، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەو بارەیەوە ڕایگەیاند، بە سپاندنی ئەو سزایانە، ڕووسیا دەست ڕاگەیشتنی بە نەوتی نایاسایی و داهاتی نەوتی کەم دەبێتەوە.
وتیشی: ئێمە لە بڕانبەر کردەوەکانی ڤلادیمێر پوتن، سەرکی ڕووسیا بە ڕاگرتنی دانوستانکان لەگەڵ ئۆکرانیا بەدەنگ نابین، بۆکوو بە سپاندنی سزای زیاتر فشارکانمان فراوانتر دەکەین.

□